## ڕەنگی کاڵ وکراوە بۆ ماکیاژێکی شیاو لە وەرزی پاییزدا

شـێوازی ماکیاژەکان بـە چەندین ئاسـت و دیمەن و ئامادەکاری دروست دەبن، نەخشەدانان بۆ ماکیاژێکی شیاو ورازاوە بۆ ڕووخساری خانمان، پێویستی بە سەرخستن و ڕێکخستنی ڕەنگەکانە، بە جۆرێك شـێوەیەکی کراوە و ڕازاوەی دەبێ کاتێك ئەو ماکیاژە لەگەڵ کەش و وەرزی تیایدایە گونجاو و شێوەیەکی بەرچـاو لە خۆ بگرێ، شـێوازەکانی ماکیـاژ لـە وەرزی پاییـز، زیاتر بە ماکیـاژی سـادە دەناسـرێن، یان بە ڕەنگێکی کراوە و جوان دەبن لە کاتێکدا ئـەو ڕەنگانە دیمەنـی خۆیان دەنوێنن و بە هەنگاوێکـی کراوە دادەنرێن، ئەو ڕەنگانەی لـەو وەرزە بـۆ ماکیاژی ڕووخسـار دادەنرێن، زیاتر ڕەنگی کاڵە یان کراوەیـە، واتە ئەگـەر بمانەوێ ڕەنگی زەرد یان ڕەنگی سپی بۆ ڕەنگی ئەساسی ماکیاژ بەکاربهێنین، دەبێ لە ڕەنگی کاڵ وسـادەی ئەو دوو ڕەنگە بن، تەنانـەت جیاوازییەك هەیە تاوەکو ڕەنگـی ماکیاژی پاییزی درەوشـاوە بێ، ئەوەش دەبێ لە ڕێگەی ڕەنگێکی تۆخ بـۆ ڕەنگی لێـو هەڵبژێرین، کە ئـەوەش دەبێتە جوانترین و سـادەترین شـێوەی ماکیاژ و کە لە ڕەنگە سادە و تۆخەکاندا دەبن.



## چ ئێکسسوارێک بۆ جلی ڕەش هەڵدەبژێریت

گشت جلوبەرگەکان پێویسـتیان بە ئێکسسوارە تاوەکو شـێوەیان جوانتر و زیاتر ڕازاوەتر و کەشخەتر بن، گرنگە بزانین چ جۆرە ئێکسسـوارێك شایستەی ئەو جلەیە کە دەپۆشـرێ، لەوەش گرنگتر ئەوەیە کاتێك ئێکسسوارەکە دەبێ لە چ ڕەنگ و ستایلێك بێ بە مەبەستی یەکخستنی جوانیـان لەگەڵ ڕەنگ و شـێوازی جلەکە، جلی ڕەش مۆدەیەکی باوە و زۆربەی کچان دەیپۆشـن، ئەگەر چی جلەکە سـەرتاپا لە ڕەش نەبێ، بەڵام زیاتر لە بەشـێکی جلوبەرگی کچان لە ڕەنگی ڕەشـە، بۆیە لە هەڵبژاردنی ئێکسسـوار بۆ جلی ڕەش، دەبێ ئەو ئێکسسـوارانە زیاتر لە ڕەنگەکانی: ڕەساسـی – زەرد – وەنەوشـیی – زەرد – شـین- سـەوز بن، واتە زیاتر ئـەو ڕەنگانەی لەگەڵ

## پێویستە بایەخ بە بەشی دواوەی جلی کوردی بدرێت





لەگەڵ شێوازە جیاجیاکانی جلی کوردی، چەندین ڕێگەی دیکەش هەن بۆ زیاتر جوانکردنی ئەو جلە نایابە، بەهۆی ئەوەی جلی کوردی وەك جلێکی سـێ ڕەهەندە، دەبێ لە هەر لایەنێکی سـەیری بکەین، جوانی خۆی دەربخات و شایستەی ڕازاوەیی بێ، بۆیە هەر بەشێکی لە خوارەوە و سەرەوە و دواوەی پێویستی بە ئامادەکاری دەبێ، هەرچەندە بەشی پێشەوەی گرنگە لە جوانیدا، هەروەها جوانی و گرنگیی دواوەش هاوشێوەی بەشی پێشەوە گرنگە و شایستەیە، جگە لە ئێکسسـوار و بەشەکانی دیکەی جلی کوردی، دەبێ شـێوەی دواوە وەك پێشەوە سەرنجڕاکێش و کراوە بێ، لە هەندێك لایەندا زیاتر جوانتر دەردەکەوێ لە بەشـی پێشـەوە، لەوانە وەك شـێوەی ئێلەگ لە دواوە، یان پشتێن و ناوقەد، ئەمانـەش بەشـێکی گرنگن لە جوانی جلی کوردیدا، بە تایبەت کاتێك جلەکە لـە دوو ڕەنگی جیاوازدا ئامادە کرابێ، چونکە هەر ڕەنگە بە شێوازێك دەردەکەوێ و هێمایەکی جوانیش بە جلەکە دەبەخشێ.





# بلوز و کراس بۆ ئەو وەرزە

وەرزی پاییز سەرەڕای ئەوەی وەرزێکی خۆش و دڵڕفێنە بۆ هەندێك کەس، بەڵام تەمەنێکـــی کورتی هەیە و وەکو وەرزەکانی دیکە نییە، چونکە ئەگەر نیمچـــە بارانێك بباریٚ، ناوی ئەو وەرزە ون دەبیٚ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا مۆدەی تایبەت بە خۆی هەیە و دەبیٚ لەسەر ڕێچکەکانی برۆین لە بواری جلوبەرگدا، ئەو جلانەی زیاتر لەو وەرزە دەپۆشـــرێن، بریتین لە : بلووز و کراس، ئەوەی کە بە بلووز ناسراوە، لە قوماشی نەرم دروست دەکریٚ، هەروەها زیاتر تەنکە، تا وەکو جلوبەرگی زستانە نەبیٚ، ناوێکی دیکەش بۆ ئەو جلە هەیە ئەویش فانیلەیە، بەڵام لە شێوەیەکی دیکەیە، کراســـەکانیش باویان هەیە و لەلایـــەن کچانەوە گرنگیان پێدەدریٚ، ئەو دوو جۆرە جلە، دەبیٚ لە ڕەنگی تاریك بیٚ و شێوازێکی پاییزانەی پێوە دیاربیٚ، نەوەك لە جلەکانی وەرزەکانـــی دیکە بچیٚ، زیاتریش جلی وەرزی پاییز وا جوانـــە و ڕەواجی هەیە، ئەگەر لە ڕەنگێك زیاتر بـــیٚ، زیاتریش ئەو مۆدە باوی دەبیٚ کاتێك لە دوو ڕەنـــگ تێکەڵ کرابیٚ و یان لـــە ڕەنگێك بیٚ و بە نەخشـــەوە بیٚ، بە شێوەیەك کە نەخشـــەکان لە ڕەنگێکی دیکە بن.





جلی ڕەش پێچەوانە دەبن لە درەوشانەوە، بەمەش ڕەنگی ئێکســـــوارە زیاتر گەشـــاوەتر دەبیٚ کاتێك لەگەڵ جلی ڕەش ئامـــادە دەکریٚ و دادەنریٚ، بەمـــەش دەتوانین ئەو ڕەنگانەی ئێکسسوارەکان ئاوێتەی ڕەنگی ڕەشی جلەکە بکەین و بەم شێوازە دیمەنێکی جوان و پایەبەرز دەبەخشن لە بواری جوانیدا.

# کەزی شێوازێک لە جوانیی و ناز

گرنگیدان بە شێوازەکانی قژ و ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی تەسریحەیەك کە لەلای هەر خانمێك بیرۆکەیەکی پیٚ جوان بیٚ و لەگەڵ ڕووخســـار و شێوازی قژی بگونجیٚ و ئەمەش کە لەگەڵ ئاستی جوانکاریی نەرمی و یان بەهێزی قژی گونجاو و شـــیاو دەبیٚ، بەهۆی زۆری ستایلەکانی قـــژ خانمان ناتوانن چ شـــێوازێك هەڵبژێرن بەتایبـــەت لە کاتی بۆنە و ئاهەنگ، بەهۆی ئەوەی هەر ستایلێك بۆ کات و شوێنی خۆی گونجاو و شیاو دەبیٚ بە مەرجێك ئەو شـــێوازانە هاوشێوەی ستایلێکی کاریگەر و کارلێکردن بێت لەســـەر جوانی قژی هەر خانمێك. یەکێك لەو ستایلە ســـەرنجڕاکێش و ناســـکانەی خانمان بۆ قژیان ئەنجامی دەدەن شێوازی کەزی کردنی قـــژە، ئەمە جگە لەوەی لە تەمەنی منداڵی قژیان زیاتر لەو ستایلە ئامادە دەکریٚ لەلایەن کەسوکارەکانیانەوە، ئەو ستایلە تەنیا بۆ منداڵان نییە و تەنانەت خانمانیش دەتوانن ئەو تەسریحە بەرجەستە بکەن لەســـەر قژیان، جگە لەوەش هێمایەك بۆ جوانی و نازکردن و دیمەنێکی سەرنجڕاکێش لەو تەسریحەیە بەدی دەکریٚ، لە کاتێکدا دەکریٚ کەزی قژ بە شێوەیەکی خاو بکەوێتە خوارەوە یان لەگەڵ قژ ببەستریٚ و هەر یەکە لەم دوو مۆدەیە ڕەنگدانەوەی جوانی خۆی دەبیٚ و گونجاو دەبیٚ.



## جلێک بۆ شاجوانی زبڵ!!

کاتێك خانمان بەشداری پێشبڕكێكانی شــاجوانی دەكەن، بــە چەندین جۆرە جلوبەرگ و شــێوەی ســەیر و جوان دەردەكەون كە ئەمەش جێگەی بایەخی دەنوێنێ تاوەكو نازناوی پێ وەربگرن، یەكێك لەو كراسە ســەیر و جوانانەی ئامادەكراوە تاوەكو شــاجوانان بیپۆشن لەلایــەن دیزاینەری ئەمەریكی (ڕۆین باركۆس ســۆلینا) لە شاری نیویۆرك دەژی و ئــەو جلەی دروســت كردووە لە نایلۆنی (عەلاگە)ی شــت ومەك هەڵگرتن، كە داوای لە كۆمپانیایەكی دروســت كردنی نایلۆن كــرد، تاوەكو جۆرە نایلۆنێكی بۆ دروســت بكەن، بە مەرجێــك بەهێز و بــاش بێ بۆ جلی خانمــان، دوای ئەوەی كــە بۆ هەر ویلایەتێكی ئەمەریكی جۆرە درێسێكی دروســت كرد و بە چەندین نمایشــی سەیر پێشكەشی ئەو ویلایەتانەی كرد، ئــەوەی زۆر بوو لە نێو درێســەكاندا، درێسی زبڵ و هەڵگرتنەوە بوو، تاوەكو خەڵك بە بایەخــەوە گرنگی بە جلی شاجوانی زبڵ بدەن.





## کەلتور گەنجینەی ئێمەیە پێویستە بپارێزرێت

هەر دەڤەرێك شــانازی بە كەلتوری خۆی دەكات دەڤەری بارزانیش یەكێكە لــەو دەڤەرانەی كە زۆر دەوڵەمەندە لەرووی هەبوونی كەلتورێكی رەســەن و كەلوپەلی فۆلكلۆری، من بۆ ماوەی چەند ســاڵە هەوڵم داوە ئەو كەلوپەلانە كۆبكەمەوە ئەوانەی كە لە رۆژانەی ژیانی خەڵكی دەڤەری بارزان بەكارهێنراون بۆ ئەوەی لەناونەچن ئەم كارەش هەمووی لەسەر ئەركی خۆم بووە ولەبەرامبەر هەر كەرەستەیەك كە كۆم كردووەتەوە بڕەپارەیەكم داوە بێ ئەوەی كەس هاوكاری ماددیم بكات، لێرەوە داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەكانی حكومەتی هەرێمی كوردســتان دەكەم كە هاوكاریم بكەن بۆ درووســت كردنی مۆزەخانەیەك یان خانەیەك بۆ پاراســتنی ئەم كەلوپەلانە، چونكە مەترســیی لەناوچوونیان هەیە، هەروەها لە بەرنامەم دایە هەڵمەتێكی كۆكردنەوەی كەلوپەلەكان دەست پێبكەم بۆ ئەوەی زۆرترینیان كۆبكەمەوە.

**رێبەر سەعید مالخو**

## شەڕە کەڵەشێرو شەڕە کەو





# جانتای ئافرەتان بۆ خواردن !

دروست کردنی کەرەســـتەی سەیر، جێگەی بایەخ و گرنگی دەبــێ لەلای خەڵك، تەنانەت هەندێك لە دیزاینەرانیش لەو کارە بەشدارن و دەتوانن سوود لەو لایەنە وەربگرن، دیزاینەرێکی بواری دروست کردنی جانتای دەستی خانمان، توانی جانتایەك دروست بکات لەســـەر شێوەی (گۆشت بە هەویر) کە خواردنێکی باوی جیهانییە، شـــێوەی جانتاکە وەکو خواردن وایە و ئەگەر کەسێك لە دوورەوە ســـەیری بکات، وادەزانێ خواردنە، بەڵام ئەگەر لە نزیکەوە سەیرێکی بکەی، بۆت دەردەکەوێ کە جانتای دەستە، ئەمەش دەبێتە یەکێك لە کەرستە جوان و سەیرەکانی بواری مۆدە و جانتای دەستی خانمان.

# مۆتۆرسکێلێک لە زێڕ



زێـــڕ وەك کانزایەکـــی گرانبەها لەلایـــەن هەموومان جێگـــەی بایەخە، تەنانەت بۆ کاری هاوســـەرگیریش مەرجێکـــی گرنگە، لەلایەکی دیکەوە لە بـــواری بازرگانی و یەدەگی دارایی بەکاردەهێنرێ، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرســـوڕمانە، کاتێك مۆتۆرسکێلێك ببینی لە زێڕ دروست کرابێ، لەلایەن دروستکەری مۆتۆرســـکلێکی دانیمارکی (لاوگ جینسین)، توانی لە نمایشێکی تایبەتدا، مۆتۆرســـکێلە زێڕەکەی نمایش بکات، ئەو مۆتۆرسکێلە لە چینێکی تەنکی زێڕ دروســـت کـــراوە و نرخی ئەو زێڕەی بەکاریهێناوە دەگاتە (٦٧٩) ملیۆن دۆلار، کە ئەمەش یەکێکە لە گرانبەهاترین مۆتۆرسکێل کە لە زێڕ دروست کرابێ.

شـــەڕی نێوان ئاژەڵ و باڵنـــدەکان مێژوویەکی درێژی هەیە و لەگەڵ بوونی ئاژەڵ و باڵندە ئەو شەڕو ململانێیە هەبووەو تا ئێستا ماوە، بەڵام زۆر جار مرۆڤ ئەو ململانێ و شەڕەی نێوان ئاژەڵ و باڵندەکان بۆ مەبەست و مەرام و ویستی خۆی دەقۆزێتەوەو و کاتی پێ بەســـەر دەبات و بۆ خۆشـــی بەکاری دەهێنێت، لە ناو هەموو ئەوانەدا شەڕە کەڵەشێر و شەڕە کەو باوترین و ناسراوترین جۆریانە، شـــەڕە کەڵەشێر جیا لە شەڕە کەو هەریەکەیان چەندن تایبەتمەندی و خەسڵەتی جیاوازیان هەیە، سەبارەت بە شەڕە کەڵەشێر لە ئێستادا لە دەشـــت و لادێکان بوونی زیاترە و ئەو کەڵەشـــێرانەی بەکاردێن کەڵەشێری تایبەتمەندن و ئاسایی نین بەشێوەیەك کە باش بەخێوکراون و هەمیشە ئاگاداری تەندروستی و لەشی کەڵەشێرەکەن تاوەکو بەهێز بێت زوو ماندوو نەبێت سەرەتا کەڵەشێرەکان بەرامبەر یەکتر دادەنێن پـــاش ماوەیەك لە یەکتر دەدەن، ئەوەی جێگای ســـەرنجە زۆر جار ئەو شـــەڕە لەسەر پارەو شتی تر ئەنجام دەدرێت لایەنی براوە دەبێت بڕێکی پارە یان شـــتێکی دیاری کراو بدات بە لایەنی بەرامبەر کە پێشتر لەســـەری ڕێککەوتوون، کەڵەشێرە شامی زیاتر بۆ ئەو مەبەســـتە بەکاردێت لەبەر ئەوەی بە هێز بـــە تواناترە لەوانیتر، ســـەبارەت بە شـــەڕە کەویش بە هەمان شـــێوە کەوی تایبەتمەند بەکار دێت لە کوردســـتاندا زیاتـــر کەوەکانی ناوچەی قەرەچووغ کەوی بە ناوبانگن لە شـــاری هەولێریش پێشتر لە چایخانەیەکی تایبەت بەناوی چایخانەی کەوبازان کە زیاتر ئەو کەســـانەی لێ بوو کـــە ئارەزوویان کەوبازی و شـــەڕە کەوبوو، لەوێدا هەر لایەك کـــەوی خۆی نمایش دەکرد و لەگەڵ کەســـی بەرامبەر پێك دەهاتن بۆ ئەوەی شـــەڕە کەو ئەنجام بدەن و خەڵکێکی زۆر بە دیاریەوە کۆدەبوونەوە، لە ناوچەکانی تری کوردستانیش بە هەمان شێوە بە شـــێوازی جیاواز ئەو دیاردەیە بوونی هەیەو ئەنجام دەدرێت.





## درێژترین سمێڵ!

پێشبڕکێیەکی سەیر و نادیار لە جیهاندا هەیە، هەر یەکە لـــە هەوڵی ئەوە دایە کە پێـــش ئەوانی دیکە بکـــەوێ، لە کاتێکدا ئەو پێشـــبڕکێیە بۆ گشت پیاوێکە ئەوەی مەبەســـتی بێت دەتوانێ بەشداری بکات، پێشبڕکێیەکەش بریتییە لەوەی کێ درێژترین ســـمێڵی هەیە، لە دواترین پێوانەکردن بۆ درێژترین ســـمێل، ئەو هاووڵاتییە هیندیە ناوی (سینگ شـــوهان)ی (٥٨) ساڵە، ئەو پیاوە ڕۆژانـــە ماوەی (٢) کاتژمێری تـــەواو خەریکی پاککردنـــەوە و داهێنانی ســـمێڵەکەیەتی، بۆ ماوەی (٣٢) ســـاڵە سمێڵی نەتاشیوە و بەردەوام خزمەتی دەکات، بۆیە ئێستاش گەیشتە ئەو مەبەستەی کە دەیویســـت بۆ ئەوەی ببێتە خاوەن درێژترین ســـمێڵ و ئاواتەکەشی هاتە دی، درێژیی ســـمێڵی ئەو پیاوە دەگاتـــە (٤) مەتر و (٢) سەنتیمەتر، واتە (٤٠٢) سەنتیمەتر، هەر ئەو ســـمێڵە درێژەشـــی وایکردووە کە داوای لێبکرێ بەشداری بکات لە چەندین فیلمی ســـینەمایی جیهانی و وەك زنجیرە فیلمەکانی (جیمس بۆند).


# گوڵی ڕەش



زۆر جار لە داســـتان و ڕۆمان و چیرۆکە شیعری و هۆنراوەکاندا گوێبیستی گوڵی ڕەش بووینە ڕەنگە بەلامانەوە سەیر بووبێت و پێمان وابووبێت نووسەرەکە ئەو وشەیەی وەك وشەیەکی ڕەوانبێژی بەکار هێنابێت تەنانەت لە ناو نووسەرانی کوردیش ئەو وشەیە بەکار هاتووە وەك ڕۆمانی گوڵی ڕەش، بەڵام ئەم وشـــەیە تەنها بۆ مەبەســـتێکی شیعری یان ئەدەبی بەکار نەهاتووە، لە ڕاستیدا گوڵی ڕەش بوونی هەیە، ڕەنگە سەیر بێت بە لاتانەوە بەڵام ئەمە ڕاستییە لە ناوچەی (هاڵفێتی) لەوڵاتی تورکیا بە شێوەیەکی سروشتی گوڵی ڕەش دەڕوێت، بە شێوەیەك کە سەرنجی هەموو دنیای بۆ خۆی ڕاکێشاوە لەبەر ئەوەی تەنها ئەو ناوچەیە لە سەر ئاستی هەموو جیهان کە گوڵی ڕەشی تێدا بڕوێت.

## زاخـــاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (بابان) بوو



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شیکارە بدۆزیتەوە..

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:


**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئەو شتەی دەکرێتە سەر پشتی ئاژەڵ یان گازینۆی شەوانە بە ئینگلیزی)
- پیتی خانەکانی (٣+٤+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (بەشێکی گەورەیە لە جەستەی مرۆڤ سەرووی چۆکە)
- پیتی خانەکانی (٥+٤+٣) کۆبکەیتەوە بە مانای (ئاگر بە زمانی عەرەبی)
- پیتی خانەکانی (٢+١)کۆ بکەیتەوە بە مانای (پەروەردەگار بە عەرەبی)



**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

ئەم ماوەیە بە کێشەیەك سـەر قـاڵ دەبـیـت کە ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی زۆر لە هاوڕێ و خۆشەویستەکانت لەبیر بکەیت، بەڵام لەگەڵ ئەوەش هاوڕێ دڵسۆزەکانت پاڵپشتیت دەکـەن و لەخەمەکانت سووك دەکەن.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

هـیـچ بەڵێنێك مەدە کـە گـومـانـت هەبێت لـە جێبەجێکردنی بەهۆی بارودۆخی ناجێگیرو نالەبارو ئەو گۆڕانکارییانەی لەم ماوەیەدا ڕوودەدەن و ڕووبـەڕووی کێشەت دەکـەنـەوە، بۆیە هەوڵبدە لەگەڵ واقیع مامەڵە بکە.




**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

پڕۆژەیـەکـی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەنرخ چـاوەڕێـی ئـامـادەکـردن و جێبەجێکردنە، هـەوڵـبـدە بارودۆخێکی گونجاوی بۆ بڕەخسێنیت، تاوەکو بتوانیت سەرکەوتنی تێدا بەدەست بهێنیت.



**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

لەبـواری سۆزدارییەوە ئـەوەنـدە کاتت بەفیڕۆ مــــەدە، چــونــکـە کـات لەبەرژەوەندیی تۆدا نییە، بۆیە هەوڵبدە بەبێ پێچ و پەنا هەستی خـۆت بۆ کەسەکە دەرببڕیت کە دەمێکە دڵی لێ سەندوویت.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

هـەسـت بـە چالاکی دەکەیت، بەڵام نەکەی بـێ بیرکردنەوەیەکی باش هیچ کارێکی گرنگ ئەنجام بدەیت، ئارام و هێمن بە، چونکە لەوانەیە ڕووبـەڕووی کەسێکی خراپ و ببیتەوە.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

مـیـزاجـت بـاشـتـر دەبێت و لـەوانـەیـە دیدارێکی گـرنـگ ساز بدەیت، یان بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بدەیت دەربارەی جێگیریی و بەهاوسەربوون، یاخود پەیوەندییەکی نهێنیت بۆ دەوروبەر ئاشکرا دەکەیت.

## وتەی ناوداران



**- گۆتـەی نـووسـەری ئەڵمانی دەربـارەی مـاڵ و سـامـان و کات دەڵێ :**

هەندێ خەڵك ئاگایان لە ماڵ و سامانیان نامێنێت تاوەکو نزیکە کۆتایی بێت، هەندێکی دیکەش بەهەمان شێوە، بەڵام بۆ کاتەوە.

## وتـــە

**- کاتێك زانیـــت ئافرەتێك بە ئەندازەی مەرگ ڕقی لە پیاوێکە، ئەوەش بزانە کە پێشتر بە ئەندازەی مەرگ خۆشیویستووە.**




## دایکێک منداڵەکانی دەفرۆشێت!

بەهۆی هەژاری و نەدارییەوە لە ویلایەتی شیگاکۆی ئەمریکی لە ساڵی (١٩٤٨) دایکێك (٤) منداڵی هەبووە و لەسەر تابلۆیەك نووسیویەتی بۆ فرۆشتنن، ئەوە مانای ئەوە نییە کەوا دایکەکە منداڵەکانی بفرۆشێت، بەڵکو ئەوە ویستویەتی دەسەڵاتی ئەو کاتە ئاگادار بکاتەوە کەوا میللەت برسییەتی و منداڵی خۆی بەهۆی هەژاری و نەبوونی دەفرۆشێت، ئەوەش ناوی منداڵەکانن : لە چەپەوە بۆ ڕاست: لانا (٦ ساڵان)، ڕەی (٥ ساڵان)، میڵتۆن (٤ ساڵان)، سوی ئێڵن (٢ ساڵان).

## کاریکاتێر

- لەم وێنەیەدا شێوەیەك هەیە کە تۆپێکی لەگەڵە، هەوڵبدە بە جوانی بیبینی و بزانە ئەو ستوونانە (چوارگۆشەن یان بازنەن)!



## مانای خەون

### شەکر


شەکر لەخەودا خۆشی و شادی و چاك بوونەوەی نەخۆش و نەمانی خەم و خەفەت و بە دی هاتنی هیواو ئامانجە، ئەگەر ئافرەتیش بێت کە خەو ببینێ شەکر دەخوا یان لە دەستیەتی، ئەوە مانای ئەو کەسە ئافرەتێکی خانەدانە، ئەگەر کوڕیش بێت ئەو کوڕە زیرەك و داناو زانیارەو بەشداریی لە بەرهەو هونەری خەڵکی دیکەدا دەکات، ئەگەر شەکر بە پارەش بێت پارەیەکی حەڵاڵت دەست دەکەوێ، شەکر لە خەودا پارەیە، شەکری زۆر ئاژاوەیە، شەکر فرۆشتن مانای شتێکی خراپ دێتە ڕێگەت لە داهاتوودا.

## یاری پیت ریزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی ناوی کەرستەیەکە بۆ جوانکاری بەکاردەهێنرێت بۆ دەردەچێت :

ە ە ن خ

وەڵامی ژمارەی پێشوو: ساوار




### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

زۆر بە پەرۆشەوە کاردەکەیت و لەهەر کاتێك زیاتر ئارەزووی کۆکردنەوەی پارە دەکەیت، لەوانەیە پارەیەکی چاك بەدەست بهێنیت بەهۆی ئەو کارانەی کە دەیکەیت، ئەنجامی باشیشی دەبێت.



### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لەبواری سۆزدارییەوە هەوڵبدە ئەوەندە هەستی دۆستەکەت بریندار نەکەی، ئەگینا بەیەکجاری لێت دەتۆرێت و لەدەستت دەچێت، لەبواری کاریشدا پێویستە زیاتر خۆت هیلاك بکەیت تاوەکو بەرپرسەکانت گلەییت لێ نەکەن.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

بەهۆی سەرکەوتنە بەردەوامەکانت لە کارەکەتدا ڕووبەڕووی چەند ناحەزێك دەبیتەوە کە چاویان بە سەرکەوتنەکانت هەڵنایەت، واباشترە بێ دەنگی هەڵبژێری، چونکە بەرپرسەکانت لەراستی تۆ تێدەگەن.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

گوێبیستی هەواڵێکی هەڵبەستراو دەبیت و کاریگەرییەکی خراپ لەسەر باری دەروونیت جێدەهێڵێت، هەروەها پێویستە خۆت بپارێزی لە دەمەقاڵێ لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ئەم ماوەیە بەهۆی سەرکەوتنەکانت خەریکە لەخۆبایی دەبیت و ئەو کەسانە لەبیر دەکەیت کە هاوکارییان کردوویت لەبەدەست هێنانی سەرکەوتنەکانت، کەمێك ویژدانت ئاسوودە بکەو هاوڕێکانت لەبیر مەکە.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ڕاستییەك بێ ئومێدو بێ ورەت دەکات، بەڵام ڕۆژانی داهاتوو لەگەڵی ڕادێیت و خۆشحاڵ دەبیت، بۆیە بەزیرەکی و پشوو فراوانی هەڵسوکەوت بکە با دوایی پەشیمان نەبیتەوە.



## نوکتە

■ کۆمەڵە دزێك پیلانیان دانابوو، شەو بچن بانکێك ببڕن لە سەرەتای پیلانەکەیان ئەوە بوو کە پاسەوانی دەرگاکە بکوژن، کاتێك شەو دەگەنە لای بانکەکە دەبینن پاسەوانی بانکەکە لەوێ نییە و دەڵێن پیلانەکەمان سەری نەگرت و با بگەڕێینەوە !

■ درۆزنێك درۆ بۆ درۆزنێکی دیکە دەکات و دەڵێ : ئێمە خێزانەکەمان ئەوەندە زۆرە کە لە شوێنێك دادەنیشین ئاخیر کەسی مەجلیسەکە نابینین !!

ئەوی دیکەش وەڵامی دایەوە و گوتی: ئێمە ئەوەندە خێزانەکەمان گەورەیە کە لەسەر سفرە دادەنیشین تەلەفۆن بۆ ئەخیر کەس دەکەم، پەیوەندییەکە دەبێتە نێودەوڵەتی و یەکەی دنیام لێ دەبات !